چیرۆکی وەرگێڕدراو



ئارنست هەمنگوای

# لێکۆڵینەوەی ئاسان

لە عەرەبییەوە: حسێن عەلی



لە دەرەوە بەفر لە دیرەکی پەنجەرەکان تێپەڕ دەبوو، و تیشکی خۆرەکە لەنێوان شووشەکانەوە نەخشەیەکی هەڵواسراو لەسەر لەمپەرە دارینەکەی نێو کۆخەکە ڕووناک دەکاتەوە. خۆر لە کەشکەشانی فەلەک بەرز ببۆوە و تیشکەکەی چینی بەفرەکەی دەماڵی. لە تەک دەرکەکەوە و بە پانتایی کۆخەکە کەندێکی هەڵکەندبوو، هەموو ڕۆژێک گەرمای خۆرەکە دیوارەکانی ڕووناک دەکردەوە و کەندەکەی پانتر دەکرد، ئەمە لە دوا ڕۆژانی مانگی سێدا بوو (مێجەر) لە کن دیوارەکەوە لە بەردەم مێزێک دانیشتبوو، و (ئەدجودان) لە بەردەم مێزێکی تر دانیشتبوو.

ئەو چاویلکەیەی کە (مێجەر) لە چاوی دەکرد

دوو بازنەی سپی لە دەوری هەر دوو چاوی جێ هێشتبوو.

ئەوەی لە ڕووخساری مابوو سووتابوو ئینجا چاک ببۆوە و سەرلەنوێ سوتابۆوە، کەپووی هەڵاوسا بوو، پارچە گۆشتی مردوو جێی چرچ و لۆچی گرتبۆوە. کە توێژینەوەی کاغەزەکانی دەکرد پەنجەکانی دەستی چەپی بە ڕۆنی نێو قاپێکی پڕ تەڕ دەکرد و ئینجا لەسەر خۆ دەستی لێ دەخشاند و ڕووخساری بەسەری پەنجەکانی پێ چەور دەکرد. دوای ئەوە نێو چەوان و هەردوو ڕوومەتی تێ هەڵدەسوو و بە ئاگاهییەوە کەپووی پێ دەسڕی.



دوای ئەوەی کارەکەی تەواو کرد، قاپە ڕۆنەکەی هەڵگرت و هەڵستایە سەر پێیان و چووە ئەو ژوورە بچکۆلەیەی کە تێیدا دەخەوت.

وە پێش ئەوەی لە پشت دەرکەکەوە لە چاو ون بێت بە (ئەدجودان) ی وت:

– لام خۆشە ماوەیەک سەرخەو بکەم.. کارەکە تەواو بکە.

– (ئەدجودان) لەو سوپایەدا ئەفسەر نەبوو.

(ئەدجودان) وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ سنیۆر ماجیۆرە.

(ئەدجودان) دەستی کرد بە لەراندنەوەی کورسییەکەی و باوێشکێکی دایەوە، ئینجا کتێبێکی لە گیرفانی دەرهێنا و کردیەوە، خستییە سەر مێزەکە و سەبیلەکەی داگیرساند، بۆ خوێندنەوە خۆی بەسەر مێزەکەدا نویچاند، مژێکی لە سەبیلەکەی دا. ئینجا کتێبەکەی داخست و خستییەوە گیرفانی. کاغەز لە

بەردەمیدا هەڵچنرابوو و پێویست بوو لە بەریان بگرێتەوە و ئاراستەی سەرچاوەکانیان بکات، تاوەکو کارەکەی تەواو نەکردبایە هیچ شادییەکی لە خوێندنەوەدا نەدەبینی.

لە دەرەوە، خۆر لەپشت کێوێک خۆی شاردبۆوە و ڕووناکی لە دیواری کۆخەکە شاردەوە، سەربازێک هاتە ژوورەوە هەندێ لە لقی داری سنۆبەری بە پێوانەی جیا جیا هەڵگرتبوو خستییە نێو زۆپاکە.

(ئەدجودان) پێی وت:

– (بنین) بە هێمنی.. (مێجەر) خەوتووە.

(بنین) لاوێکی گەنم ڕەنگ بوو، زۆر بە خەمخۆرییەوە زۆپاکەی لە لقی داری سنۆبەر پڕ کرد، ئینجا دەرکەکەی پێوەدا و گەڕایەوە ئەو پەڕی کۆخەکە.

(مێجەر) بانگی کرد:

– تانانی!

– سنیۆر ماجیۆرە..

– (بنین) م بۆ بنێرە.

ئەدجوان بانگی کرد:

– (بنین) هاتە ژوورەکە.

– (مێجەر) داوات دەکات.

(بنین) تاکە هەیوانی کۆخە گەورەکەی بۆ دەرکی ژوورەکەی (مێجەر) ی بڕی، ئینجا لە دەرکەکەی دا.

– سنیۆر ماجیۆری؟

(ئەدجودان) گوێی لە دەنگی (مێجەر) بوو:

– وەرە ژوورەوە و دەرکەکە دابخە.

(مێجەر) لەسەر قەرەوێڵەی سەرباوگەکە ڕاکشابوو، سەری خستبووە سەر ئەو سەرینەی کە بە جلکی ژێرەوە ئاخنیبووی، و ڕووخساری درێژی گەنم ڕەنگی کە ڕۆنی تێ هەڵسوبوو ڕووە (بنین) ی ئاراستە کرد کە لەلایەوە وێستابوو. هەردوو دەستی بە هێمنی لەسەر دۆشەکەکە بوون.

پرسیاری کرد و وتی:

– تۆ نوزدە ساڵانەی؟

- بەڵێ، سنیۆر ماجیۆری.

- ئایا لەوە پێش دڵداریت کردووە؟

- دەتەوێ چی بڵێیت سنیۆر ماجیۆری؟

- ئایا هیچ کیژێکت خۆشویست؟

- بەڵێ. گەلێ کیژانم ناسی، و لەگەڵیان چوومە دەرەوە و گەڕامەوە.

- من دەربارەی ئەمە پرسیارت لێ ناکەم. پرسیارت لێ دەکەم ئەگەر کیژێکت خۆش ویستبێ؟

- بەڵێ سنیۆر ماجیۆرە.

- ئایا ئێستا دڵداری؟ نامەی بۆ نانووسی. من هەموو نامەکانت دەخوێنمەوە.

(بنین) وتی:

- خۆشم دەوێت، بەڵام نامەی بۆ نانووسم.

- ئایا تۆ دڵنیای لەوەی دەیڵێیت؟

- هەموو دڵنیاییەک.

بێ ئەوەی دەنگ بەرز بکاتەوە، (مێجەر) وتی:

- تانانی! ئایا دەتوانی گوێت لە دەنگم بێت؟

هیچ وەڵامێک لە ژوورەکەی تەنیشتەوە نەگەیشت.

(مێجەر) وتی:

- گوێی لێ نییە. ئایا تۆ لە خۆشەویستیت بۆ ئەو کیژە بێگومانی؟

- بێگومانم.

(مێجەر) بە خێرایی نیگایەکی کرد و وتی:

- وە.. تۆ بێگومانی کە داوێن پیس نیت؟

- من نازانم دەتەوێ چی بڵێیت.. داوێن پیس؟

(مێجەر) وتی:

- بەم جۆرە بەسە. دەرخستنی فێڵبازیت بێ کەڵکە.

(بنین) دەیڕوانییە زەوییەکە. (مێجەر) ڕووخساری مسینی دەپشکنی. و هەر لەلاقییەوە تاوەکو سەری لێی ڕوانی و کە گەیشتە دەستەکانی وێستا.

ئینجا بێ ئەوەی بزەیەک بکات لەسەری ڕۆیشت:

– بەڕاستی تۆ ناتەوێ..

– (بنین) دەیروانییە زەوییەکە.( مێجەر) وێستا.

– ئایا بەڕاستی ئازاری ڕەویبۆوە. ژیان لە سوپادا زۆر ئاڵۆز بوو.

وتی:

– تۆ منداڵێکی چاکی. (بنین) تۆ منداڵێکی زۆر چاکی، بەڵام فێڵی ڕێوی مەکە، بە ئاگابە کەسێکی تر نەیەت بتبات.

(بنین) هێشتا لەتەک قەڕەوێڵەی سەربازگەکە وێستابوو.

(مێجەر) وتی:

– مەترسە.

دەستی لەسەر جێگەکە ڕەق کرد:

– من هەرگیز دەستت بۆ نابەم. ئەگەر شادت دەکات دەتوانی پەیوەندی بە بەشەکەتەوە بکەیت. بەڵام بۆ تۆ باشتر وایە کار لەگەڵ من بکەیت. بەوە کەمتر دووچاری مەرگ دەبیتەوە.

– سنیۆر ماجیۆری ئایا ئارەزووت لە هیچ شتێکی تر هەیە؟

– نە. برۆ لەسەر ئەوەی دەتکرد بەردەوام بە، کاتێک چویتە دەرەوە دەرگەکە بکەرەوە.

(بنین) چووە دەرەوە و دەرکەکەی بە کراوەیی هێشتەوە. کاتێک ژوورەکەی جێ هێشت بە نائارامی هاتە دەرەوە. (ئەدجودان) نیگای کرد. بنین سورێکی گەش بوو، هەمان شێوەی ڕۆیشتنی نەبوو کاتێک داوای داری بۆ زۆپاکە کرد. (ئەدجودان) بە نیگای دووی کەوت و بزەیەکی کرد. ئینجا (بنین) تفاقێکی داری نوێی هێنا.. (مێجەر)، لەسەر قەرەوێڵەی سەربازگەکە ڕاکشابوو دەیروانییە کڵاوە زرێی و چاویلکە هەڵواسراوەکانی بە بزماری دیوارەکەوە.

بیری کردەوە:

(من پرسیار دەکەم.. گەر شەیتانی بچکۆلە درۆی لەگەڵ نەکردبم).

سەرچاوە:

کتێبی (الفردوس المفقود) نووسینی ئەرنست هەمنگوای.